کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
30-5-2007 0:34بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# ئایسەل توگلوک، هاوسەرۆکی پارتی کومەڵگای دیموکراتیک DTP ئەڵیت "باکووری عیراق پارچەیەک لە میساقی میللی یە" ... ئامادە کردنی: رونیا کورد



وینەی ئایسەل توگلوک

هاوسەرۆکی پارتی کومەڵگای دیموکراتیک DTP ئایسەل توگلوک لە گوتاریک دا وتی تورکیا لە ژیر مەترسی سیفەر (پەیمانی Sevre) دایە و هەر بویە میساقی میللی ئەبی بپارریزریت.
توگلوک وتی: "ئەم مەترسیە هەیە کە لە سەر ئەساسی دروست بوونی شەر و لیکدان لە نیوان تورکەکان و کوردەکان دا، جاریکی تر پەیمانی سیفەر بخریتە روژەفەو، هەر ئەم پەیمانەی کە کەرامەتی تورکییەی پیشیل کردبوو. بە دوای داگیرکردنی عیراق مەترسی زیاتریش بووە. کیشەی کورد لە تورکیا و عیراق ریگای بو دەستتیوەردانی ئیمپیریالیستەکان کردوتەوە. گەلی تورک ئیستا لە بەرامبەر ئەم مەترسییە دایە. کیشەی کوردیش بو هەر چەشنە قومار و گەمەیەک کراوەیە. هەر بویەش هەلویستی کوردان گەلیک گرینگە".
توگلوک ئەلی بو چارەسەری کیشەی کورد پاراستنی میساقی میللی مەرجیکی سەرەکییە. (مەبەست لە میساقی میللی یەکپارچەیی خاکی تورکیایە کە مووسل و کەرکووکیشی لە گەلە: وەرگیر) هاوسەروکی پارتی کومەلگای دیموکراتیک هەروەها ئەلی: "ئیدیعای کە کیشەی کورد دابەش کردنی خاکی تورکیای لی ئەکەویتەوە شتیکە کە لە لایان ئایدولوجی رەسمی باسی لی ئەکری. سیاسەتی ئەمپیریالیستەکان لە بەرامبەر کوردان بە داگیرکردنی عیراق ئاشکرا بوو. و ئازارەکانی پەیمانی سیفەر هەموو جاری تازە ئەبنەوە. هەربویەش سنووری میساقی میللی (خاکی تورکیا کە باشووری کوردستانیشی لە سەر بی: وەرگیر) ئەبی بپاریزری. مروف نابی بروای بە موداخیلەی ئەمپیریالیستەکان بی بەلکوو ئەبی لە سەر ئەساسی راستییەکان بە دوای چارەسەری دا بگەری".
توگلوک باکووری عیراقی (مەبەستی باشوووری کوردستانە) وەکوو پارچەیە لە میساقی میللی ناوزەد کرد و وتی: "ئەبی نەبنە هوکاری مەترسی و نیەگرانی سیفەر. رووداوەکانی ولاتانی دراوسی لە گەل راستییەکانی تورکیا ناگونجین. ئەگەر مروف بە چاویکی تر تەماشای ئەم شوینە بکات (مەبەستی باشووری کوردستانە: وەرگیر) ئەبینی کە ئەم شوینە خوی لە چوارچیوەی میساقی میللی دایە. ئەمە بوچوونیکی داگیرکارانە نییە. لەم پەیوەندییە دا رولی رەوشەنبیرانی کەمالیست گەلیک گرینگە. ئەبی ئیدی کورد نەبنە هوی ترس و نیگەرانی".
توگلوک بە بالای ئاتاتورکی دا هەلدا و وتی: "هەلویستی میژوویی ئەم پیاوە، مەزن بوونی ئەوی پیشان داوە و ئیستاش هەر پیشانی ئەدات. ئەو موعجزەیەک بوو، ئەو ئەبەدییەتە. بو نەتەوە بوون ئەو بنەمایەکە".

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تێبینی: شایانی باسە کە لیدوانەکانی بەریز ئایسەل توگلوک هاوسەروکی پارتی کومەلگای دیموکراتیک دەنگی نارەزایەتی زوری لە لایان سیاسەتمەداران و روشەنبیرانی باکووری کوردستان دا بە دوا دا هات. ئەمان پییان وایە ئەمەی ئایسەل توگلوک ئەیلی شتیکی تازە نییە بەلکوو هەر ئەم شتەیە کە لە لیدوانەکانی بەریز عبدالە ئوجەلان سەروکی پارتی کریکارانی کوردستان دا ئەبیندری. رەخنگەگران ئەلین ئەم هیلە سیاسییە هی بەریز ئوجەلانە کە ماوەی چەند سالیکە لە ئایدولوجی کەمالیستی نیزیک بوتەوە.

سەرچاوەی لیدوانەکانی ئایسەل توگلوک بە کوردی کرمانجی و تورکی سەیر بکەن:
http://www. netkurd. com/nuce. asp?id=7288
/http://www. haberler. com/sevr-hortluyor-haberi

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.